دکتور سالح ئیبراهیمی



## سوورەی تاریق

**سوورەی تاریق لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله) وە ٢٢ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

سوێند بە ئاسمان و بە کوتێنەر کە شەو خۆ رادەنێ ﴿١﴾ تۆ چووزانی کوتێنەری شەوگەڕ چییە؟! ﴿٢﴾ ئەستێرەکەی تیشکدەرە ﴿٣﴾ هیچ کەسێ نییە، مەگەر ئەوەی چاوەدێر و پارێزەرێکی بە سەرەوەیە و هەر گیانلەبەرێ نیگاوانی هەیە ﴿٤﴾ جا دەبێ مرۆڤ بنوارێ کە لەچی خەڵق کراوە ﴿٥﴾ لە ئاوی بە فرکە و فیشقە خوڵقاوە ﴿٦﴾ ئاوێ کە لە نێوان مۆغەرەی پشت و بەرملان و پەراسووی سینگەوە دێ ﴿٧﴾ خوا لەسەر گێڕاندنەوەی ئەو بەوزەیە ﴿٨﴾ ڕۆژێ کە نهێنییەکان ئاشکرا و خۆیا دەکرێن ﴿٩﴾ بۆ ئەو هیچ هێز و یارمەتیدەرێک نییە ﴿١٠﴾ سوێند بەو ئاسمانەی ئاو هەڵدەگرێ و دەیبارێنێتەوە ﴿١١﴾ سوێند بە زەوی خاوەن درز و شینکە ﴿١٢﴾ بەڕاستی ئەم (قورئانە) قسەیەکە جیاکەری هەق و باتڵە ﴿١٣﴾ شۆخی و گاڵتە و کەپ لاف و لاقردیش نییە ﴿١٤﴾ ئەوانە بۆ بەرگیری کردن لەو خەریکن گزی و فزی دەکەن ﴿١٥﴾ منیش چارەی گزی کردنیان دەکەم ﴿١٦﴾ جا تۆ ماوەی ئەم دینەدوژمنانە بدە کەمێکیان لێ ڕاوەستە ﴿١٧﴾

## سوورەی ئەعلا

**لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ١٩ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

ناوی پەروەرێنەری هەرە بەرز و گەورەی خۆت بە پاکی ببە ﴿١﴾ ئەو خوایەی کە خەڵقی کرد، جا ڕێک و دروست ئەندامی کرد ﴿٢﴾ ئەو زاتەی کە ئەندازەی گرت، جا ڕێنوێنی کرد ﴿٣﴾ ئەو کەسەی کە چایەر و لەوەڕگەی بەدیهێنا ﴿٤﴾ کردیە شینی ئامال ڕەشی وشک و پووش و پلاش ﴿٥﴾ ئێمە بە زوویی (قورئانت) پێ دەخوێنینەوە ئیتر لە بیرت ناچێتەوە دیار و نادیار دەزانی ﴿٧﴾ لەبەریشت ئاسان دەکەین هەتا هاسانترین ڕێگا پەیدا بکەی ﴿٨﴾ جا ئەگەر ئامۆژگاری کەڵکی هەبێ، ئامۆژگاری خەڵکی بکە ﴿٩﴾ بە زوویی ئەوەی دەترسێ پەند وەردەگرێ ﴿١٠﴾ بێبەختترین تاک لەوە دووری دەکا ﴿١١﴾ ئەو کەسەی کە ڕادەکێشرێتە نێو ئاگری بەتینی گەورە ﴿١٢﴾ لە پاشان لەوێدا نە دەمرێ و نە زیندوو دەبێتەوە ﴿١٣﴾ کەسێ کە خۆی پاک بکاتەوە ڕزگارە ﴿١٤﴾ نێوی پەروەرندەی هێنا و نوێژی کرد ﴿١٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi